شانۆنامە:

# نازانم سبەینێ چی ڕوودەدات؟![1]

نووسەر:


## تێنسی ویلیامز[2]

وەرگێڕ:

## بابک تبرایی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی




---

[1] I Can't Imagine Tomorrow

[2] Tennessee Williams

**کەسایەتییەکان:**

**یەک:ژن**

**دوو: پیاو**

**{ژن و پیاو بە ڕێککەوت پیاو و ژنێکن کە نزیکەی تەمەنی ناوەڕاستن:**

**هەریەکەیان تاکە هاوڕێی ئەویترن.**

**لە شانۆکەدا دیوارێک نییە،**

**وە ڕازاندنەوەکەی تەنیا بەشێک لە ئامێرەکان و پارچە کەلوپەلی ناوماڵ دەگرێتەوە**

**(قەنەفەیەک، کورسییەک، کورسییەکی دیکە لە دامێنی پلیکانەیەکی کورت، مێزێکی ڕووناک، مێزێکی کارت) دەگرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە بەپێی کردارەکانی شانۆنامەکە پێویست بن..**

**لە لای چەپی خوارەوەی شانۆکە، چوارچێوەی دەرگایەک هەیە.**

**ڕووناکی نمایشەکە بریتییە لە تاریکی و ڕووناکی شین و نەرمی خۆرئاوابوون، کە بەدوای پەڵە نەرمەکانی ئەکتەرەکاندا دەگەڕێت.**

**قەنەفە و کورسییەکان دەبێت بەرگێکی پەڵەدار و ڕەنگێکی سووکیان هەبێت؛ ڕەنگە گوڵێک و فیروزەی کاڵ.**

**ژنەکە ، لە نزیک چوارچێوەی دەرگاکە وەستاوە، دەستەکانی کراوەن، وەک ئەوەی پەردەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکات.**

**عەبایەکی سپی ساتن لەبەردایە کە پەڵەی شەرابی لەسەرە.**

**پیاوەکە، لەبەردەم چوارچێوەی دەرگاکەدا دەردەکەوێت؛ ژنەکە خۆی دەکێشێتە دواوە و بە دەستەکانی دەموچاوی دادەپۆشێت.**

**پیاوەکە هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە وەک ئەوەی لە دەرگا بدات.**

**ئەم کردارە دوو سێ جار دووبارە دەبێتەوە پێش ئەوەی ژنەکە بچێتە لای چوارچێوەی دەرگاکە و وا نیشان بدات کە دەرگاکە دەکاتەوە.}**

ژن: ها،ئەوە تۆی.

پیاو: بەڵێ منم.

ژن: بیرم لەوە دەکردەوە.

{بێدەنگی زاڵە، کە بە شێوەیەکی سەیر درێژە، لەو ماوەیەدا یەک جووڵە ناکەن.}

ژن: باشە هەر وەک پۆستەچی بێ نامە لەوێ ڕامەوەستە.

پیاو: تۆ داوات لێ نەکردم بێمەژوورەوە.

ژن:: وەرە وەرە! ژوورەوە

پیاو: [دەچێتە ژوورەوە] سوپاس.

{بێدەنگییەکی تری سەیر زاڵ دەبێت.}

پیاو: کاتێک دەهاتمە سەرەوە ، لە پشت پەنجەرەکەوە تۆم بینی. پاشان پەردەکانت کێشا.

ژن: عەیبەی چییە؟

پیاو: هەی، ناچار بووم لەدرگاکەبدەم و لێبدەم و لێبدەم بۆ ئەوەی دەرگاکە بکەیتەوە. -

ژن: بەڵێ، خەریک بوو لە پاژنەوە دەرِیهێنیت.

پیاو: گومانم کرد کە-

ژن: کەچی؟

پیاو: تۆ نەتدەویست--

ژن:چیم نەدەویست؟

پیاو: ئەم ئێوارەیە بم بینینی

ژن :هەموو ئێوارەیەک دەتبینم.بەبێ تۆ هیچ یاریکردن کارت و هەواڵێکی تەلەفزیۆنی نییە ونابێت .

پیاو: بەڵام-

ژن :بریار نییە باشتربێت، وایە؟

پیاو: چی؟

ژن:وتم بڕیار نییە باشتربێت، ئەمە کێشەی قسەکردنت.

پیاو: بەڵێ. ئەمە کاتییە. -

ژن :دڵنیای؟ ماوەیەکی زۆرە کە بە کاتیی ماوەتەوە... من پێم سەیرە لە قوتابخانە چۆن قسە لەگەڵ قوتابییەکانت دەکەیت، یان هیچیان پێ ناڵێیت و تەنها شتێکیان لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسیت؟

پیاو: نەخێر، من-

ژن:چی؟

پیاو: چەند ڕوژە دەمەوێت پێت بڵێم؟ ئێستا پێنج ڕۆژە ناچمەوە قوتابخانە.

ژن:ئەوەندە سەیر نییە. بیرم لەوە دەکردەوە.کە وازی لێ دێنیت.چی تر ئایا شتێکی تر هەیە یان هیچ؟

پیاو: هەمیشە-

ژن:چی؟

پیاو: یەک شت هەیە، تا ئەو کاتەی-

ژن:بەڵێ تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بژین.

پیاو: ئەمڕۆ چووم. -

ژن:کلینیک؟

پیاو: بەڵێ. ئەوێ

ژن:چیت پێ وتن؟ چییان پێ وتیت؟

پیاو: تەنیا قسەم لەگەڵ کچەکە کرد. کچ -

ژن:بەرپرسیاری وەرگرتن؟

پیاو: بەڵێ، پارچە کاغەزێکی پێدام، ئا-

ژن:یەک داواکاری، یەک-

پیاو: پرسیارنامە کە-

ژن:کە پری بکەیەوە

پیاو: دەبوو بنووسم کە ئایا-

ژن:باشە؟

پیاو: پێشتر مێژووی هەرگیز نەبووە

ژن:نەخۆشی دەروونی؟

پیاو: بۆچارەسەری لە نەخۆشخانە خەوێندرابووم یان نا.

ژن:وە تۆ؟

پیاو: لە وەڵامی هەموو پرسیارەکاندا "نا"م نووسیوە.

ژن :بەڵێ؟

پیاو: نەخێر.

ژن:[بە بێ تاقەتی] بەڵێ، دەزانم، تۆ نووسیوتە "نا".

پیاو: پاشان بەرپرسی وەرگرتن پێی وتم

ژن:چی پێ وتت؟

پیاو: ئێستا شوێنی چۆڵیان بۆ من نییە، واتە لە ئێستادا هیچیان نییە، بەڵام هەر کە یەکێک لە...

ژن:دکتۆر؟

پیاو: با "چارەسەرکارەکان" بتوانن من لە "بەرنامەکەیان"دا جێگیر بکەن.

ژن:بە کچەکەت وت مامۆستایت و لەبەر ئەوەی ناتوانیت لە پۆلدا قسە بکەیت، دۆخەکەت خراپتر بووە؟

پیاو: تەنها بەرپرسی پێشوازی و وەرگرتن بوو. هەر بۆیە نەچوومە ناو وردەکارییەوە.

ژن:پرسیارنامە؟

پیاو: باسم کرد کە تەنها یەک کەس هەیە کە تا ئێستاش دەتوانم کەمێک قسەی لەگەڵ بکەم. هێڵێکم بە توندی لە ژێریدا کێشا. [دوەستێت؛ بە شەرمەوە ڕوو وەر دەسوڕێنێتەوە.]

ژن:[بە میهرەبانی] لەم ڕووناکی کەمەدا، تۆ لەم جلانەمیوانی، کە دیارە تازە شۆراوەن، دەتوانیت بە ئاسانی دڵی یەکێک لە خوێندکارەکانت بەدەست بهێنیت. [بەلای پیاوەکەدا تێدەپەڕێت].

پیاو: لە هاتنەوە دا وە بەر چەمەنێک تێپەربووم، چەمەنی ماڵێک. ماڵەکە تاریک بوو و چەمەکە پڕ بوو لە قازی سپی. پێم وایە لانیکەم ٢٠ قاز، لەسەر چەمەنەکە دابوون.

ژن:ها؟ بە جددی

پیاو: سەرەتا پێم وابوو شتێک دەبینم.

ژن:بەڵێ قازی سپیت دەبینی.

پیاو: پێم وایە لە ڕێگای کۆچکردن، بەرەو باشووری دووربوون.

ژن:بەڵێ، وە لە چیمەن ماڵێکی تاریکدا وەستان، ڕەنگە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێ، چونکە گەورەکەی پێشتریان کەوتبووە سەر ڕێگایەکی هەڵە، کەمێک بەلاڕێدا چوو وە ون بووبوو، یان لە نزمی دا هەڵفڕیوە، ها؟ کەواتە، لەچیمەنی ماڵە تاریکەکە، دەوستن بۆ گۆڕانکاری یان داڕێژانی پلانی تازە بۆ فڕینەکەیان ،یا تەنها هەستکردن بە فێنکایی چیمەن لە ژێر پێیەکانیان لە کاتی خۆرئاوابوون پێش بەردەوام بەردەوامبوون لە فڕینیان.

پیاو: تەنها یەک گەڕەک دوورە. دەتەوێت بچیت بیانبینیت؟

ژن:نەخێر. وەسفەکەت بەسە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ و جارێکی تر سەیریان بکەیت، بیکە، بڕۆ. پێم وایە بەم جلی سپی سەرنجڕاکێشەوە قبوڵت دەکەن.

پیاو: ئەمڕۆ خزمەتکارەکە نەهات؟

ژن:هات، بەڵام نەیتوانی بێتە ژوورەوە، دەرگاکە داخرابوو.

پیاو: بۆ؟

ژن:نەمدەویست بکەوێتە ناو ماڵەوە و ناڕەحەتی لێبکەوێتەوە. لە دەرگاکەدا و بانگی کرد و بانگی کرد و لە دەرگاکەدا، دواجار وازی هێنا وڕویشت

پیاو: هەموو شتێک هەر وەک دوێنێ ئێوارەی وایە. هێشتا کارتەکان لەسەر مێزەکە ماون. هێشتا جلە سپییەکەت بەو پەڵە شەرابە وە لەبەردایە.

ژن:لە دوێنێ شەوەوە لە قاتی خواریم.. نەچوومەتە سەرەوە. بوتڵی شەرابەکەم داچووڕاند و لەسەر قەنەفەکە خەوتم. ها، ئەمشەو نانخواردنی ئێوارە بەبێ نانخۆاردن. من هیچ ناخۆم. چوومە مەتبەخ و سەلاجەکەم کردەوە، بەڵام ڕەنگ و بۆنی ئەوەی تیایدا بوو حاڵی تێکدام. بۆیە، تا من کارتەکان هەڵدەدەمەوە، بڕۆ بۆ چێشتخانە و ساندویچێک یان هەر شتێک کە بتەوێت بۆ خۆت دروست بکە.

پیاو: بۆ هەردووکمان شتێک دروست دەکەم.

ژن:نەخێر، تەنها بۆ خۆت! گوێت لێیە ،وە هەر لەوێ بیخۆ و تەواوی کە .

پیاو: (لەڕووناکی دەچێتە دەرەوە)

ژن : (دەچێتە لای چوارچێوەی پەنجەرەکە و دەستەکانی دەکاتەوە وەک ئەوەی پەردەکان فڕێ بداتە لایەک).

خاکی ئەژدیها، خاکی ئازار، ئەو خاکەی کەتیدا ناتوانی بژی بەڵام ئێستاش جێگەی نیشتەجێبوونە، هەرکەسێک بەو خاکە بەرینە بێ بەرهەمەدا تێدەپەڕێت، ڕێگای شەخسی خۆی هەیە کە بە تەنیا تێدەپەڕێت. ئەگەر دانیشتووان و گەشتیارانی خاکی ئەژدیهاکان، سەیری دەورووبەریان بکەن، گەشتیارانی دیکە دەبینن، خاکی ئازارە بچووکەکان بەڵام بەرگەی ناگەریت،هەرکەسێک ئەوەندە لە سەفەری خۆیدانوقم بووە کە کەڕ وکوێر بووە، خنکاون، بە ڕێگای سەفەری خۆیان کوێر دەبن، چاو دەگێڕن بەڵام نابینن

ڕادەکات و دەگەڕێتەوە، کەسی تر نابینێت لەم ڕێگایەدا تەنانەت بە زۆریش یاوەری بکات، . سەرەوو ژوورییک بەرەو لوتکەی شاخەکە. سەرەوو لێژێکی سەخەت؛ دەتباتە سەر شاخەکانی بێ ئاو و گیا. من لەو خاکەی کە هیچ بژاردەیەکی تێدا نییە هەنگاو نانێم. لە دامێنی زنجیرە چیاکە ڕادەوەستم وناچمە سەرەوە. جارێک چیرۆکی پیرەژنێکی ئێسکیمۆم خوێندەوە کە دەیزانی ژیانی کۆتایی هاتووە و کاتی مردنییەتی، داوای لە بنەماڵەکەی کرد بینە دەرەوە، بە تەنیا لەسەر پارچە سەهۆڵێک بەجێی بهێڵن کە خەریکە لە پارچە سەهۆڵێکی گەورەتر جیا دەبێتەوە.بۆ ئەوەی بتوانیت لەگەڵ ئاوەکەدا بڕوات، بۆ ئەوەی لە هەمووان دابڕیت و جیا بیتەوە ......

پیاو: (بە پلێتێکی ساندویچەوە دەگەڕێتەوە).

ژن:بیبە، بیبە یان بیبەوە یان دەتگێڕمەوە.

پیاو: تۆ؟ -

ژن:بەڵێ پێم وتی!

پیاو: ئەگەر نەخۆیت منیش ناخۆم، ئەمشەو برسیم نیە.

ژن:من "ناتوانم"-

پیاو: چی؟

ژن:یاری کارت. ناتوانم، ناتوانم. ببورە ناتوانم.

پیاو: من پێشبینی دەکەم تۆ-

ژن:چی؟

پیاو: دەتەوێت بڕۆم-

ژن:بۆ کوێ، بۆ کوێ بڕۆیت؟

پیاو: دەتوانم بچمە ژوورەکەم. -

ژن:دەڵێی هەوای دەرناچێت، تەلەفزیۆن لێ نییە، وە ئەوەندە بچووکە کە هەست بە خنکاندن دەکەیت.

پیاو: [غەمبار] لە کۆریدۆری هۆتێلەکەدا تەلەفزیۆنێک هەیە.

ژن:پێت وتم کە بەرگەی کۆریدۆری هۆتێلەکە ناگریت، وتت کە پڕە لە پیرەژنی ڕوو بە مەرگ کە لە دەوری تەلەفزیۆنەکە کۆبوونەتەوە وەک ئەوەی خوێن و ئۆکسجینیان لێ وەربگرن. تەنانەت تەنها بە تێدەپەڕین لە کۆریدۆرەی ئەو هۆتێلەدا،بوونی پیسی بەسەرتدا دەڕوات و تا دێیتە ئێرە، دەبێت لەگەڵ خۆتدا هەڵیبگریت؛ دوای تێپەڕبوونی ئەو کۆریدۆرە، وەک سەگێکی بێسەرپەرشت دێتە ئێرە، ئەو کەش و هەوایە لە چاوەکانتدا، لە دەنگتدا، لە ڕەفتارەکانتدایە. کاتێک لە دەرگاکە دەدەیت و من دەیکەمەوە، نیگایەکی وەها نەخۆش و ترسناکت هەیە وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بیت کە لە هەر ساتێکدا دەرگاکە بە ڕووخسارتدا دابخم. تۆ پیاوە بچووکە شیرین و هەژارکە! [لەناکاو بە گریانەوە پیاوەکە لە باوەش دەگرێت] هەست دەکەم هیچ کارێک نەماوە بکەم کە تۆ خۆت لەم خەمۆکییە پەککەوتە ڕزگار بکەیت. بۆچی واز لەم نیگاییە کە وەک کوڕێکی ونبوو لە دەروونی بە ساڵاچوویەک دایە ناهێنیت؟ ئەمە وا دەکات کە نتوانم ڕاستگۆیانە قسە بکەم! [هەناسەیەکی ژاوەژاو دەدات؛ پیاوەکە لە خۆی دووردەکاتەوە، و پشتی لە مێزەکە دەکات] هەموو ئێوارەیەک نیگایەکی تاوانباری ترسناکت بە خۆتەوە دەگریت . من هەمیشە دەڵێم "ها،ئەوە تۆی."، تۆش هەمیشە دەڵێی "بەڵێ منم." دوای ئەوە لە کاتێکدا چاوەکانت دەکەیتەوە و دادەخەیت و دەستەکانت دەخەیتە گیرفانتەوە، زەردەخەنەیەکی بەزەیی دەستکردم پێدەبەخشی. تۆ لە قوتابخانە وانە دەڵێیتەوە، بەڵام هەرگیز قوتابخانەت بەجێ نەهێشتووە،، هێشتا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی گیرت خواردووە، یان تەنانەت لە باخچەی ساوایان."ها،ئەوە تۆی." "بەڵێ منم." ئای خوایە یانی نابێت ڕۆژێک سڵاومان جیاوازی بێت؟ زۆر باشترە ئەگەر تەنها بێیت و دابنیشیت بۆ خواردن و دواتر کارتەکان بڵاو بکەیتەوە یان تەلەفزیۆنەکە ڕووشن کەیت. بە لام نە خێر. ئێمە پابەندین کە ڕێوڕەسمەکان دووبارە بکەینەوە. "ها،ئەوە تۆی." وە "بەڵێ منم." . وە هیچ شتێکی تر ناتوانرێت بگوترێ، لانیکەم هیچ شتێک شایەنی وتن نییە. هەوڵ دەدەم جۆرێک لە مۆنۆلۆگ ئەنجام بدەم،، کە لە ناوەڕاستیدا لێدوانێک بەدەیت، شتێکی وەک "هەمم" یان "ئهم". دوای ئەوە شتایەکت پێ دەڵێم کە پێشتر چەندین جار وتوومە، کە لە دووبارە کردنەوەیان شەرم دەکەم. بەڵام دەبێت دووبارەیان بکەمەوە، ئەگینا ئێمە لە بێدەنگییەکی بەرگەنەگیراودا پێکەوە دادەنیشین، بەڵێ، بێدەنگییەکی بەرگەنەگیراو. بەڵێ ... لە هاویندا دەڵێی "ئێرە زۆر خۆش و فێنک و سارد و سڕە". لە زستاندا دەڵێی "ئێرە زۆر خۆش و گەرمە" ئای خوایە گیان [شانی پیاوەکە دەگرێت؛ بۆ ساتێک سەری خۆی دەخاتە سەر پشتی پیاوەکە. پاشان بە توندی پاڵی پێوە دەنێت}

پیاو: هەرگیز بۆ من ئاسان نەبووە کە...

ژن:قسەکردن؟

پیاو: تا لە بیرم بێت بۆ من قورس بووە.

ژن:قسەکردن؟

پیاو: بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەستی خۆم بکەم.

ژن:وە تەنانەت سەیری چاوی کەسێکی تر بکەی؟

پیاو: بەڵێ. وە سەیر کردنی چاوی کەسێکی تریش .

ژن:هەمیشە بە دەربڕینێکی کەسێکی تاوانبار  سەیری دەوروبەرت دەکەیت. . چی وا دەکات هەست بە تاوان بکەیت؟ جەگە لە زیندوو بوونت؟

پیاو: من-

ژن:تۆ؟

پیاو: بەڕاستی نازانم

ژن:ئەم کاغەزە و قەڵەمە بگرە و یەکەم شت کە دێتە مێشکتەوە بنووسە . زوو... بیر مەکەوە

پیاو: (شتێک لەسەر کاغەزەکە دەنووسێت).

باشە. با بزانم چیت نووسیوە. "خۆشم دەوێیت و دەترسم." لە چی دەترسیت؟ زوو بینوسە

پیاو: (جارێکی تر شتێک لەسەر کاغەزەکە دەنووسێتەوە..)

ژن : (ژنەکە کاغەزەکە لە دەستی گرێت) "گۆڕین". مەبەستت گۆڕانکاری لە خۆتدا یا لە مندا؟! یا گۆڕانکاریی لە هەلومەرجێکدا کە کاریگەری لەسەر ژیانمان هەیە؟ خێرا، بینووسە، بیر مەکەرەوە.

پیاو: (دیسان دەنووسێت.)

ژن:"هەموو شتێک." بەگشتی." بەڵێ باشە من هەر لەسەرەتاوە ئەمەم لەبارەی تۆوە دەزانی. ئێستا نۆرەی منە؛ یەکەم شت دەنووسم کە دێتە مێشکم. پێنووس. زووبە!

[بەخێرایی لەسەر کاغەزەکە دەنووسێت و دەیخاتە بەردەم پیاوەکە، لەسەر مێزی کارتەکە].

بیخوێنەوە، بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە.

پیاو: [بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە] "ئەگەر شتێک نەبوایە بەناوی کات، تێپەڕبوونی کات لەو دونیایەدا کە تێیدا دەژین، ڕەنگە بتوانین حساب بۆ شتەکان بکەین بۆ ئەوەی وەک خۆیان بمێننەوە،

بەڵام کات لە جیهاندا لەگەڵ ئێمە و هێزە گەورەکەیدا دەژی." ." لە ڕێگا دوورمان دەخاتەوە، جا مامەڵەی لەگەڵ بکەین یان نا."

ژن:باشە؟ بۆ هیچ ناڵێی؟ هیچ؟!! کاغەز و قەڵەمەکە بگرە، شتێک بنووسە، هەر شتێک، خێرا، بیر مەکەرەوە.

پیاو: (ئەو دەنووسێت.)

ژن :"خۆشم دەوێیت و دەترسم." ئەمەیە شتێک بوو کە دەستت پێکردووە.

پیاو: پێت وتم بیر مەکەرەوە.

(ژنەکە بۆ نازکردنی دەموچاوی پیاوەکە دەستی درێژدەکات. پیاوەکە دەستی دەگرێت و دەخاتە سەر دەمی، پاشان دەچێتە ئەودیوی مێزەکە بۆ ئەوەی ماچی بکات. ژنەکە سەری پیاوەکە بە توندی بۆ ساتێک لەبەردەمیدا دەگرێت، و پاشان بە خێرایی ڕەتی دەکاتەوە.)

ژن:لەو شوێنە کە لێی بوویت دابنیشە . هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ گەڕانەوە باوەڕم پێ بکە.

(پیاوەکە سەری دەخاتە سەر دەستەکانی).

ژن :دەگریت؟ -

(پیاوەکە وەک نیشانەی "نەخێر" سەری دەهەژێنێت).

ژن: با بزانم. سەرت بەرز بکەرەوە

(پیاوەکە سەری دەخاتە سەردەستەکانی).

ژن:ئەوەندە ئازارچەشتوو سەیرم مەکە. لە چێشتخانە هیچت خواردووە؟ نا؟ بۆیە لە ڕێگای گەڕانەوەت بۆ ئەم هۆتێلە خاوەن مردوو، بچۆ بۆ دووکانێک، ساندویچێک بخۆ. لەوانەیە گۆڕانکارییەکی باش بێت بۆ تۆ، باشترە لە هیچ. مرۆڤەکان جار جار پێویستیان بە گۆڕانکارییەکی کەم هەیە، یان دەبێت خۆیان بیکەن یان قبوڵی بکەن. دەزانم هەندێک کەس لە گۆڕانکاری دەترسن و پابەندن بە ڕۆتینی دووبارەبوونەوەیانەوە. بەڵام دووبارەکردنەوە ئاسایش نابەخشێت، تەنها هەستێکی پێدەبەخشێت. ناتوانێت متمانەی پێ بکیت. لەوانەیە هەموو ڕۆژێک بە شەقامێکدا بڕۆن و هەست بە سەلامەتی بکەن ، ئینجا ڕۆژێک ژێر پێت داڕووخێت و ئاسمان تاریک دەبێت.

پیاو: پێویستە..

ژن:چی بکەین؟

پیاو: با هەوڵ بدەین.

ژن:چی؟

پیاو: بیری لێ مەکەرەوە. بیرکردنەوە....

ژن:چی؟

پیاو: بۆ ئەوە...

ژن:چی؟

پیاو: سوودی نییە. وا باشترە

ژن:چی؟

پیاو: هەستی...

ژن:چی؟

پیاو:  ئاسایش بکەین، تەنانەت ئەگەر

ژن:چی؟

پیاو: ئەو هەستە، توانای...

ژن:چی؟

پیاو: دڵنیایی نەبێت.

ژن:ڕستەیەکت تەواو کرد. بۆ تۆ ئاسان نەبوو، بەڵام بەسەریدا زاڵ بوویت. ئێستا تکایە پەرداخێک ئاوم بۆ خواردنی حەبەکانم، بیخۆمەوە.

(دۆ لە لای مێزی کارتەکەوە دەچێتە شوێنێکی نیمچە تاریک).

پیاو:  [بۆ خۆی] نازانم سبەی چی ڕوودەدات. [بە پەرداخێک ئاوەوە دەگەڕێتەوە] دەتەوێت حەبە کان بخەمە ناو ئاوەکەوە بۆت؟ -

ژن :بەڵێ. سوپاسگوزار.

پیاو: پێنج حەب، لەسەر شووشەکە نووسراوە.

ژن:ئەمشەو زیاتر بێت.

پیاو: تۆ...

ژن:چی؟

پیاو: دڵنیای؟

ژن:پەرداخەکە و بوتڵی دەرمانەکەم پێ بدە. خۆم دروستی دەکەم.

پیاو: ( دڵۆپەکان دەژمێرێت).

ژن:(بەردەوامە.)

پیاو: (پیاوەکە شووشەکە لە دەستی دەگرێت و دەیخاتە سەر مێزێک لە دەرەوەی شوێنە ڕووناکە).

ژن:باشە، وەرەوە، دانیشە.

پیاو: (پیاوەکە دەگەڕێتەوە سەر مێزی کارتەکە).

ژن:دەمەوێت چیرۆکێکتان بۆ بگێرمەوە. [لەکاتی قسەکردندا پەرداخێک ئاوەکە دەخواتەوە] دەربارەی پیاوێکی بچووک. باشە؟ ناتەوێت دابنیشیت؟ "پیاوێکی بچووک چووە بەر دەرگای ماڵی مەرگ، پاسەوانی دەروازەکە لێی پرسی چیت دەوێت". وتی دەمەوێت بمرم. پاسەوانەکە وتی بۆ پیاوێکی بچووکی وەک ئەو، ئەم داواکارییە زۆر گەورەیە. پیاوە بچووکەکە وتی بەڵێ، دەزانێت داواکارییەکەی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەمەتەنهاشتێکە کە ئەو دەیەوێت. پاسەوانەکە داوای بەڵگەنامەی لێکرد. تاکە بەڵگەنامەیەک کە پیاوەکە هەیبوو، بەڵگەنامەی لەدایکبوونی بوو. پاسەوانەکە سەیری بەرواری بەڵگەنامەی لەدایکبوونی کرد و وتی زۆر زووە زۆر زوو هاتووی  بۆ ی لەم شاخە بڕۆ خوارەوە وە تا بیست ساڵی تر مەیەوە ئێرە. پیاوە بچووکەکە دەستی کرد بە گریان. وتی ئەگەر تا بیست ساڵی تریش ڕێگەم نەدەن ئەوە ئەم بیست ساڵ لە بەر ئەم دەروازەیە چاوەڕێ دەکەم، ناتوانم لە چیاکەوە بچمە خوارەوە؛ من هیچ شوێنێکم نییە لەو خوارەوە.کەسم نییە ئێواران بچم ببینم، کەسم نییە قسەی لەگەڵ بکەم، کەسم نییە یاری لە گەڵ کارت بکەم، کەسم نییە، کەسم نییە! بەڵام پاسەوانەکە ڕۆیشت، پشتی لە پیاوە بچووکەکە کرد و ڕۆیشت، پیاوە بچووکەکەش کە لە قسەکردنیش دەترسا، دەستی کرد بە هاوارکردن. سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی بچووک بوو، هاوارەکەی زۆر بەرز بوو، مردنیش گوێی لە دەنگی بوو و بە شێوەیەکی شەخسی هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت هۆکاری ئەم ئاژاوە چییە. پاسەوانەکە وتی پیاوە بچووکەکەی بەر دەروازە بیست ساڵ زووتر هاتووە، لە کێوە کەش ناچێتەخوارەوە. مردن وتی بەڵێ تێدەگەم بەڵام هەندێک جار و هەندێک مەرجدا.بە تایبەت کاتێک هاواری دەکەن و سەریان لە دەروازەکە دەدەن، دەتوانن زووتر بێنە ژوورەوە، بۆیە بائەوەش بێت،وە ئەم ئاژاوەیە بخەوێت. "باشە؟ڕات چییە لەسەر چیرۆکەکە؟

پیاو: ئەمە، ڕێگاکە...

ژن:ئەم ڕێگایە چییە؟

پیاو: تۆ ئەم چیرۆکەت دروست کردووە؟

ژن:نەخێر تۆ دروستت کردووە. ئێستا ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکەیت، کاتی ئەوە هاتووە بینێری بۆ بڵاوکراوەیەک. پێت وا نییە؟

پیاو: من، ئەە-

ژن:ئەی من؟

پیاو: وازی لێ بێنە

ژن:وازی لە چی بهێنم؟

پیاو: ئەمشەو تۆ

ژن:ئەمشەو من؟

پیاو: من پێشبینی دەکەم تۆ

ژن:چی؟

پیاو: باشیت

ژن :من چیم باشە؟

پیاو: باشیت، باشیت [بە هاوارێکی لاواز و ئازاربەخشەوە بە خێرایی هەڵدەستێت ].

ژن :بەڵێ، دەزانم. ئەزانم هیچت نەخواردووە وانییە؟ نەخێر. لە ڕێگای گەڕانەوەدا پێویستە لە لای دوکانێک بوەستیت و لەبەردەم کەوانتەرەکەدا شتێک بخۆیت. شوێنێکی بەناوبانگە کە تێیداهەموو جۆرە خزمەتێک دەکەن. تەنانەت لەوانەیە کەسێک بناسیت کە لەگەڵ کەسێکی تر دانیشتووە و نان دەخوات. کاتێک دەچمە ئەوێ، دەبینم چەند کەسێک لەبەردەم کەوانتەرەکەدا نان دەخۆن. گوێم لێ بوو پێکەوە قسەیان دەکرد. وا دیارە یەکتر دەناسن. ناسینی خەڵک لەسەر کەوانتەر ئاسانترە وەک لە سەر مێزی چێشتخانەکە، چونکە مێزەکانی چێشتخانەکان لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، بەڵام تۆ لە تەنیشت ئەوانی تر دادەنیشیت. وە پێم وایە گرنگە چەند ئاشنایەکی نوێ بەدۆزیتەوە . چونکە لەوانەیە کاتێک بێتەوە و گوێم لە لێدانەکەت نەبێت. ڕەنگە من لە قاتی سەرەوە بم و نامەوێت بێمە خوارەوە یان کاتێک لە دەرگاکە دەدەیت هەست بکەم هێزم نییە بێمە خوارەوە، و لەوەدا [بەهۆی ئازار چاوەکانی دادەخات ] لەو حاڵەتەدا دەبێت ناسیاوی ترت هەبێت.بۆ ئەوەی بچیتە لای ئەوان، ئەگەر بارودۆخی وا ڕوویدا.

پیاو: پێم وایە هێشتا ئازارت هەیە. بەڵێ؟

ژن:ئەگەر هەمە، ئەوە ئازاری منە نەک ئازاری تۆ و مافی ئەوەم هەیە باسی بکەم،وانییە؟ پێم وایە ئەومرۆڤێ کە ئازاری هەیە ئیمتیازی ئەوەی هەیە ئازارەکانی بۆ خۆی بهێڵێتەوە. بەڵام ئەمشەو ئەو

دوکانە تاقی بکەرەوە و ڕوخساری بەدبەختیش بەخۆتەوە مەگرە، بە دڵخۆشی وبە زردە خەنەوە بڕۆ و لە تەنیشت کەسێک دابنیشە کە دیارە ڕووخۆشە.

تۆ سەرەتا شتێک بڵێ، چاوەڕێ مەکە ئەوانی تر بکەنەوە قسە،چونکە لەوانەیە ئەم کارە نەکەن. دەزانم ڕقت لە قسەکردنە، بەڵام هەندێک جار دەبێت کارێک بکەیت کە بۆت قورسە، بۆیە بڕۆ لەبەردەم کەوانتەرەکەدا کۆببەوە و شیرێک بخۆ و قسە بکە، قسە بکە، دەمت بکەرەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها ویستت بڵێت گوێت لە دەنگی کونەبوویەک لەسەر دارخورمایەک دەنگ بووە . بێگومان باوەڕیان پێی نییە، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش.

پیاو: پێموایە مەبەستت ئەوەیە-

ژن:مەبەستم ئەوەیە کە زۆر شت دەبێت لە ژیاندا بگۆڕێت.

پیاو: مەرج نییە گۆڕانکارییەکان لەناکاو بن.

ژن:زۆر ئاسانترە گۆڕانکاری قبوڵ بکەیت کاتێک پێشوەخت خۆت بۆی ئامادە کردبێت. هەر بۆیە باسی کەوانتەرکەم کرد.

پیاو: ئەوێ ڕووناکە و قەرەباڵغە، هەرگیز ناتوانم پێ لە تەنیشت کەوانتەرێکی ڕووناک و قەرەباڵغی ناسیاوێک دابنێم، نازانم چۆن ئەمە بکەم و نامەوێت هەوڵ بدەم.

ژن:تا ساڵێک لەمەوبەر

پیاو: چی؟

ژن:من چیم دەگوت؟ ها تا ساڵێک لەمەوبەر...

پیاو: چی؟

ژن:گرنگ نییە. هەموو ئەو شتانەی کە ویستم بیڵێم لە مێشکم پەڕین.

پیاو: [دوای وەستانێک] دەتەوێت لێرە نمێنمەوە؟

ژن:نەبوونی دەربڕینێکی تری مردنە. [دادەنیشێت] پلانەکەم بۆ ئەمشەو گۆڕی. بە هەموو ئەم قسانە،من دەچمە سەرەوە. هێشتا دەتوانم بەسەر پلیکانەکانداسەرکەوم هێشتا ئەگەر کاتێکی بۆ دابین بکەم و دەستم بە سیاجەکانەوە بگرم،. دەتوانم لە گردەکان پشوویەک بدەم و دواتربچمە سەرەوە. بەڵام تۆ ئامۆژگارییەکانم سەبارەت بە دۆزینەوەی ناسیاوی نوێ لەبیر مەکە. مەرج نییە لە مێزی پێشەوە بێت، دەتوانێت لە شوێنێکدا، لە قوتابخانەیەکدا بێت. شتێک بە کەسێک بڵێ. ئەمە ئامۆژگاری منە بۆتۆ، هەرچەندە بێ سوودە.

پیاو: ناسیاو نابێتە "هاوڕێ".

ژن:"هاوڕێ" کێیە؟ گوێی مەدەرێ! بەهەر حاڵ لە ڕێگای گەڕانەوەتدا لە دوکانەکە شتێک بگرە.

پیاو:دەتەوێت لەسەر پلیکانەکان یارمەتیت بدەم؟

ژن:لەم دواییانەدا، لەم خوارە لەسەر قەنەفەکە دەخەوتم. مەودای پلیکانەکان زۆر زیادی کردووە. بەڵام ئەمشەو پێم وایە دەتوانم. سەرەتا دەچمە سەر ڕێڕەوی پێ و کەمێک پشوو دەدەم پێش ئەوەی بەردەوام بم. لەوێ کورسییەک هەیە کە تاڕادەیەک ئاسوودەیە، تا ئەو کاتەی بوێری ئەوە دەدۆزمەوە کە بچمە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم، دەتوانم پشوو بدەم. [سێ چوار هەنگاو سەردەکەوێت و دەگاتە سەکۆیەک و کورسییەک] بەڵێ دەتوانم بۆ ماوەیەک لێرە پشوو بدەم.

پیاو: دەمێنمەوە تا دەچیتە ژووری نووستنەکەت. دواتر دەڕۆم.

ژن :نەخێر چاوەڕێ مەکە. ئێستا بڕۆ دەمەوێت پێش ئەوەی بخەوم کەمێک لەگەڵ خۆم قسە بکەم.

پیاو: نابێت لەسەر ڕێڕەوی پێ بخەویت، ناتوانیت لەوێ بخەویت.

ژن:هەرچی بمەوێت دەیکەم!

پیاو: ببورە، مەبەستم ئەوە نەبوو پێت بڵێم چی بکەیت

ژن:بڕۆ، ئێستا بڕۆ. ئەڵقەی درگاکەش توند کە.

پیاو: ئەڵقەکە، ئەم دیوی درگاکەیە.

ژن :ها، بەڵێ. تۆ ڕاست دەکەی. بەم شێوەیە بەرنامەکەم کەمێک دەگۆڕێت، دەبێت خۆم چاکی بکەمەوە.

پیاو: پێم وانییە ناچار بیت بە درێژایی شەو لێرە بە تەنیا بمێنیتەوە.

ژن:ئەمە بۆچوونی تۆیە نەک هی من. شەوتان باش بڕۆ، ئێستا بڕۆ. ئێوارەیەکی ترش تێپەڕی.

پیاو: ببورە، هەست دەکەم هەموو هەستەکانت سەبارەت بە من لەدەست داوە

ژن:بەو شێوەیە نییە. ئەگەر هێشتا خۆشم نەویستبایە ئەمشەو نەمدەهێشت بیتە ناو ماڵەوە. من تۆم خۆشویست و تا ئێستاش خۆشم دەوێیت. بەڵام ئێمە لە دوو خاکی جیاوازین، تۆ سەر بە خاکێکی نامۆیت و منیش سەر بە خاکێکی ترم.

پیاو: ئایا دەتوانم لەسەر قەنەفە بمێنمەوە؟

ژن:نەخێر، نەخێر. ببورە، نەخێر. دەبێت بڕویت، هەر ئێستا.

پیاو: تۆ...

**ژن:ئەی من چی؟**

**پیاو: ژیانی منی؛ هەموو ژیانم  بەبێ تۆ هیچ شتێک نیە. دەچمە نەخۆشخانە، دەگەڕێمەوە قوتابخانە، من**

**ژن:ئەوەندەی قورس مەکەوە بۆ من.**

**پیاو: تکایە! با لەسەر قەنەفەکە بمێنمەوە!**

**ژن:نەخێر!**

**پیاو:  بەڵام-**

**ژن:نەخێر وتم نەخێر! دەرگاکە بکەرەوە، بڕۆ دەرەوە!**

**پیاو: سبەی کە دێمەوە، تۆ-**

**ژن:چی؟**

**پیاو: دەتوانم بێمە ژوورەوە؟**

**ژن :ئەگەر ئێستا بڕویت، بەڵێ، بەڵام ئەگەر...**

**پیاو: ئێستا دەڕۆم. [دەرگاکە دەکاتەوە] ئاسمان...**

**ژن:چی؟**

**پیاو: ئەمشەو بە شێوەیەکی نائاسایی ڕووناکە. وەک ئاوی قووڵی زۆر ڕوون، وەک، وەک....**

**ژن:کەڵەبابەکان تا بەیانی دەخوێنێت چونکە پێیان وایە بەیانی نزیکە. شەو شاد. کاتێکی خۆش بەسەر بەرە کاتێ بە پێ دەگەڕێیتەوە. ڕەنگە هێشتا قازە سپییەکان لەو کێڵگەی چیمەنەدا بن کە کاتێک هاتیت باست کرد. باش پشو بدە ،هەرگیز گومانم لە خۆشەویستیم بۆ تۆ مەکە، بەڵام ئەوەت لەبیربێت کە ئێمە سەر بە دوو خاکە جیاوازین.**

**پیاو: (پیاوەکە بە هێواشی لە ناوەوە دەرگاکە دادەخات و دەگەڕێتەوە سەر قەنەفەکە).**

**ژن:ڕۆیشت [لەگەڵ خۆی]،بەتەنیایی باشترە . سەختە، چونکە ئەو جگە لە من کەسی نییە و منیش جگە لە ئەو کەسم نییە، بەڵام لە خاکی ئەژدیهادا، بە تەنیا دەچیتە پێشەوە. ئەی دەرگاکە قوفڵ نەکراوە...باشترە بچمە خوارەوە و قوفڵی بکەم، ئەگیناسبەی خزمەتکارەکە دێتە ژوورەوە.هەستە، هەستە،  وتم هەستە!**

(بە زەحمەتییەکی زۆرەوە هەڵدەستێت و بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوە. ئەو پیاوەکە لە پشت مێزی کارتەکە نابینێت. دەچێتە سەر دەرگاکە و قفڵەکە دادەخات؛ دواتر دەچێتە سەر چوارچێوەی پەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکات.)

پیاو: (کارتێک هەڵدەگرێت وەک ئەوەی بیەوێت دەموچاوی لە پشتەوە بشارێتەوە).

ژن:(ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە ژوورەکە و پیاوەکە لە تەنیشت قەنەفەکە دەبینێت) هاها، تۆ مایەوە، نەڕویشتی؟. نازانم سبەینێ چی ڕوودەدات. یارمەتیم بدە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوم، تکایە یارمەتیم بدە بگەڕێمەوە سەر کورسییەکەم.

(ئەو ساتەی کە خەریکە ژنەکە بکەوێت، پیاوەکە دەیگرێت و یارمەتی دەدات ).

ژن: تکایە با لێرە پشوو بدەم، کەمێکی تر دەچمە سەرەوە بۆ ژووری نووستنم، تەنانەت ئەگەر ناچار بم بە باقی پلیکانەکاندا سەرکەوم.

پیاو: با هەر ئێستا یارمەتیت بدەم بچیتە سەرەوە.

ژن:نەخێر.هەر لێرە ڕادەوەستم، ئێستاچوونەسەرەوم مەحاڵە. [لە سەر کورسیەکە دادەنیشێت] ئێستا. بڕو خوارەوە

پیاو: با من-

ژن:نەخێر، بڕۆ خوارەوە، خوارەوە، خوارەوە!

پیاو: من تۆ--

ژن :ببورە. دەبێ لێرە بە تەنیا بم.

پیاو: (دەگەڕێتەوە سەر مێزی کارتەکان.)

ژن:سەرم سوڕنابێت ئەگەر سبەی لە خەو هەڵسم و بێمە خوارەوە و ببینم تۆ هەر لەوێیی،سەرم سوڕنامێنێت. پێم وایە هەمیشە دەتویست لە ماڵەکەمدا بمێنیتەوە. باشە ئێستا شانسی ئەوەت هەیە. بۆیە وا بزانە ماڵی خۆتە. دەزانی هەموو شتێک لە کوێیە: تیڤی، مەی، ساردکەرەوە، ژووری نووستن و حەمام و تەوالێت لە قاتی خوارەوە.

بەم هەموو چێژەوە بە تەنیا جێت دەهێڵم. دوای یەک خولەک دیکە دەچم دەخەوم. پێم وایە هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە سبەی لە کاتی خۆیدا بچیتە قوتابخانە. بەڵام من گرەو ناکەم. لە هەر حاڵەتێکدا، ڕەنگە لە قۆناغی ئامادەییدا جێگەی تۆیان گرتبێتەوە. ڕەنگە وەک خوێندکارێکی تەمبەڵ لە ئامادەیی دەرکرابیتی. تەنها ئەوەیە کە خۆیان بە ئاگادارکردنەوەتەوە سەرقاڵ نەکردووە، یان کاتێک پەیوەندییان بە هۆتێلی خاوەن مردووەوە کردوە بۆت تەلەفۆنەکەت هەڵنەگرتووە. هەمیشە دەتویست بێیتە ئێرە؟ ئەو ئێوارانەی کە لەو هۆتێلەوە دەهاتیتە ئێرە و، ستایشی ئەم ماڵەت دەکرد. هەمیشە دەڵێی شتێک چەندە

**خۆشەویستە، هەوای گەرم لە زستاندا، هەوای فێنک لە هاویندا، باخی خورما، تەنانەت ئاسمانیش، وەک ئەوەی بەشێک بێت لە ماڵەکە. باشە، ئێستا، دەتوانیت لێرە بمێنیتەوە ئەگەر بتەوێت. تۆ من نارەحەت ناکەیت.منیش بێزارت ناکەم. دوای چەند ڕۆژێک بەزەحمەت لە یەکتر تێدەگەین. وەک ئەوە وایە لەگەڵ خۆمدا قسە بکەم، یان گوێم لە دەنگی باڵندەیەک یان سیسەرەک بێت لە شوێنێک لە دەرەوەی ماڵەکە. بێگومان بژاردەی ئەوەت هەیە کە بگەڕێیتەوە بۆ ئەو خانووە مردووەی کە ناوت ناوە هۆتێل، بەڵام سنووورێکی کاتی هەیە، ماوەیەکی نزیکەی کورتە، بۆ ئەوەی بە مەرجەکانی چالاکییەکەی لەوێ وەربگیرێت. ڕەنگە پێشتر بزانن کە تۆ بێکاریت. باشە شتێکی وا بەسەر مرۆڤەکاندا دێت، بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا، بەبێ جیاوازی، ئەو کاتە کورتە تەواو دەبێت، تەواو دەبێت، و دەیانخاتە کێشەوە.**

**(وەستان. بێدەنگی)**

**پیاو: ( کارتەکان کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ناو پاکەتەکەیانەوە).**

**ژن : (بەردەوام دەبێت.) ئەگەر ئەمشەو باش بخەوم، سبەی باشتر دەبم، وە ئەگەر هێشتا لێرە بیت، بە ئۆتۆمبێل دەچینە دەرەوە یان تەکسی دەگرین، دەچینە بازاڕو دوکانی خواردن، سەلاجە پڕ دەکەین لە خواردن بۆ ئێوە، و پاشان دەچینە هۆتێلەکەت، کەلوپەلەکانت کۆدەکەینەوە، و حیسابکەت لەگەڵ خاوەنە گەمژەکەی یەکلایی دەکەینەوە....دوای ئەوە؟ ...ناتوانم بیر بکەمەوە... ڕەنگە پێویست نەکات بیری لێ بکەینەوە. کاتێکی تەواومان هەیە بۆ بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو. لە دیواری فۆیەرەکە خواردنەوەیەک بخۆرەوە، چێژ لە ئاسمان و دەریای ماڵەکە وەربگرە.**

**من دەچمە سەرەوە. [بەڵام دادەنیشێت] هێشتا کاتی ئەوە نییە. سەرکەوتن لێرە وەک سەرکەوتن بەسەر لوتکەی بەرزاییەکانی ئەلپ وایە.**

**پیاو: کەمێک زیاتربمێنەرەوە.**

**ژن :باشە، تەنها کەمێک زیاتر.**

**پیاو: [بە نەرمی، دوای وەستانێک] خەوتیت؟ خەوتویت؟**

**ژن:نازانم سبەینێ چی ڕوودەدات.**

**کۆتایی**